www.kurdistannet.org
01/07/2003 11:46

# نامەی سەر ئاواڵەی کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان بۆ ڕێبەرانی سیاسی کوردستان

بەڕێزان:

- مامۆستا عبدالله حسن زادە، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

-کاك ابراهیم عەلیزادە، سکرتێری یەکەمی کۆمەلە

-کاك حسین یەزدانپەنا، سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

-کاك عبدالله موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانیئیران

ڕوداوە هەنوکەیەکان و ئەگەر و شیمانە سیاسیەکانی داهاتوی ئێران، ئێمەی هاوردە سەر ئەو باوەڕەی لە نامەیەکی سەر ئاواڵەداسەرنجتان بۆ هێندێک خاڵ رابکێشین. هیواداریین بە تێگەیشتویی و خوێندنەوەی شیاوی خۆتان و ورد بوونەوە و رامان لێی، وڵامێکی شایستەی بەکردەوەی پێ بدەنەوە و ئێمە و گەلی زۆرلێکراوی کوردمانی پێ دلشاد بکەن:

١-بارودۆخی نێونەتەوەیی، هەرێمی و ناوخۆیی وردە وردە لە حالی گۆڕان دان. ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین لە ئاکامی ئەو گۆڕانەدا هەلێکی مێژویی بۆ گەلی کورد و هەموو گەلانی ئازادیخوازی ئێران هەڵدەکەوێ. بەڵام مەرجی کەڵك وەرگرتن لە هەر دەرفەتێك بۆ بەرژەوەندیەکانی گەلەکەمان بەستراوەتەوە بە تێگەیشتویی و رادەی ئامادەیی هێزە سیاسیەکانی کوردستان.

٢-ئێمە بە چاوی رەخنەوە دەڕوانینە جۆری پەیوەندی رابردوی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان. خوازیاری ئەوەین کە ئێوە بە گرتنەبەری رێگایەکی نوێ و سیاسەتێکی روشن لە بەرانبەر یەکتر، خەڵکی کوردستان لە دوبارە نەکردنەوەی روداوە دلتەزێنەکان و شەر و تێکهەڵچونە خوێناویەکانی ساڵانی دەیەی ٦٠یهەتاوی دلنیا بکەن. ئەزمونێکی تاڵ کە ئاکامەکانی تا ئێستاش لە سەر هەست و سۆزی خەڵکی کوردستان قورسایی هەیە.

٣-ئێمە نرخ بۆ ئەو وردە هەنگاوانەتان دادەنێین کە وا ماوەیەکەبۆ نەهێشتنی ئالۆزی و بۆ لە یەك نزیك بونەوە و یەکیەتی بە کردەوە هەڵی دەگرنەوە. هەر لەو کاتەدا داوای چارەسەر کردنی پاشماوەی ناکۆکی و گیروگرفتەکانتان لە رێگای دیالۆگ و وتوویژەوە لێ دەکەین.

٤-لەوەش زیاتر ئێمە وەك بەشێك لە توێژێکی وشیار و داهاتوساز، لە سەردەمێکی نوێ لەمێژوی کوردستان، بە پێداگریەوە داواتان لێ دەکەین هەرچی زوتر بۆ پێك هێنانی بەرەی یەکگرتوی کوردستان هەنگاو هەڵگرنەوە. بەم کارە دەتوانن گەلی کورد بە داهاتوی خۆی ئومیدوار بکەن و نیگەرانی و گومان وددڵی لا بەرن. گومان لەوە ناکرێ کە بە بێ بەرەیەکی یەکگرتو کەڵك وەرگرتن لە هەلی هەڵکەوتو نا مومکینە.

٥-ئێمە بە خوێندنەوەیەکی تازەی مێژوی کوردستان و رامان لە ئەزمونی خوشك و براکانمان لە کوردستانی عێراق، داواتان لێ دەکەین جارێك بۆ هەمیشە واز لە بیر و بۆچونە پاوان خوازیەکان و تەسك بینی و لە باتی خەڵك بیر کردنەوە و سیاسەتی یەکتر وەلانان بێنن. هەر لە ئێستاوە بناغەی یەکیەتی و هاوکاریەکی قایم ونیاز چاکی و رێکخستنی پەیوەندیەکی دیموکراتیك دابنێن. بۆ ئەوەی بیکەنە نمونەیەك بۆ ژیان و هەلسورانی سیاسی لە کوردستانی ئازاد و دیموکراتیکی داهاتو.

دەستەکانتان بە گەرمی دەگوشین

کۆمەلێك لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان

سنە- ١٣٨٢/٤/١٠